ئەم پرۆژەیە لەلایەن
ئەنجومەنی شوورای هەرێمی
کوردستان – عێراق
پێداچوونەوەی بۆ ئەنجامدراوە

# بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

## یاسای ژمارە (  ) ی ساڵی ٢٠٢١

## پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤
## لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ماددەی (١) :

ماددەی (٢٤) لە یاساکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت و بەندێکی بۆ زیاد دەکرێت بە ریزبەندی (یەکەم) و ریزبەندی بۆ بەندەکانی دیکە ڕێکدەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

(یەکەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لایەنی تایبەتمەند دەبێت بە تۆمارکردنی ناوی بازرگانی و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی).

ماددەی (٢):

دەقی بەندی (یەکەم) لە مادده (٢٥)ی یاساکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

(یەکەم: پێویستە لەسەر تۆمارکاری ناوە بازرگانییەکان تۆماری ناوی بازرگانی بکات ئەگەر گونجاو بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، وە ڕەتی بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بێت، و پێویستە بڕیارەکەی بڵاوبکاتەوە جا چ بە تۆمارکردنی بێت یان بە ڕەتکردنەوەی لە بڵاوکراوەی تایبەت بە ناوە بازرگانییەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات).

ماددەی (٣) :

ماددەی (٢٦) لە یاساکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ئەرکەکانی هاتوو لەم یاسایە پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی دەگرێتە ئەستۆ).

ماددەی (٤):

دەستەواژەکانی (ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان) و (یەکێتیی گشتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییە عێراقییەکان) و (ژووری بازرگانی و پیشەسازیی تایبەتمەند) کە لە ماددەکانی (٢٧) و (٢٩) و (٣١) و (٣٢) و بەندی (دووەمی)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە هاتوون، دەگۆڕدرێنەوە بە دەستەواژەی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق).

ماددەی (٥):

ڕەسمی تایبەت بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارکردن لە تۆمارنامەی بازرگانی و هەموو بابەتەکانی پەیوەندار پێیەوە بە ڕێنمایی دیار دەکرێت کە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.

ماددەی(٦)

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٧):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (٨):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و راسپاردنی بە لایەنێکی فەرمی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.